# ( .....؟ )

ئیدریس عەلی

پلیکانە
تا تۆم دەهێنێ
تا تۆ بەرزم دەکاتەوە ( با )
تۆ چەند بەتام بوویت جاران
پرتەقاڵ خان.. چەند میهرەبان و شیرین
چەند باران بوویت خا نمی نێو باخ
وەختێ چاوەڕوان بوویت
تا ئەوپەڕی من لەنیگەرانیدا
تا کۆتایی من لەگریانا
تا بێدەنگی سپێدە
بستێك لەولای تکاوە..
قاژێکت بەس بوو پرتەقاڵ گیان
یەکبەخۆ رۆشن دەبوومەوە،
ئیتر سیگارێکم پەیدا دەکرد
مناڵیم لەوسەری کۆڵان قانگ دەدا،
کەچی پە نجەرەم دەژماردوو
لەدڵی خۆدا هێشتا شەو بوو
کەچی پرتەقاڵم..
شاعیر بوون وەختە بێتە ناومەوە
وەختە موسافیر دەبمەوە بەرەو کوێت؟
وەختە لەشاردا گەڕەك دەبمەوە تا باخی میر..
چەند بێباك بووم جاران
وەختێ تا ئەوپەڕی تۆ شاعیر بووم
تا ئەوپەڕی تۆ لەشەرابا مەستەئەبووم

تا دوورترین تۆ.. هاوارێك بووم لە خۆم
تۆ جاران چەند سێبەرێکی هێمن بوویت
لەهاوین ترین نیوەڕوانی منا
چەند شەماڵ بوویت
لەئاسمانترین تەنیایی منا
چەند مێخۆش بوون گۆرانییەکانت
لەقوڵترین خەیاڵی منا،
پرتەقاڵم
تەماشامکە . لەوێرانی ئێستادا
سەیرمکە کاتێ رووبەرووت پەرت دەبم،
وەختێ سەرەتای سیگارەو من سڵاو لەکەسێك دەکەم
کاتێ پەردەی پە نجەرەکە لادەدەیتو
لە بەرخۆمەوە کاڵ دەبمەوە.. تا شینترین مناڵی
بمبینە بەدەم رێگاوە
کاتێ باران دەسرپێژم لێدەکات
تۆدێیت دڵێکی شکاو هەڵدەگریتەوە
دڵێك کە ئیدی پێناکەنێت
کە ئیدی شەوان ناڵەی نایێ
کە ئیدی دەگری‌و خۆشناکاتەوە .
بەڵام پرتەقال گیان
من هەتا کەی ( ئیدریس ) بم؟
هەتا کەی وەکو( چیی ) پرسیاربم؟
باوکیشم تاهەیە ( عەلی ) یە..
ئەوبێزاربووە لە پە نجەرەو پێی خۆشە ماوەیەك دەرگابێت
هەرڕۆژەو میوانێك لێی بدات
پێی خۆشە جارناجار
شاعیرێ.. دەرەختێ.. مناڵێك بێ،

بەمن چیی خانمی نێو باخم بەمن چیی
تازە لەهەڕەتی شیعرامو
تۆش لەئاوێنا غەمباریت
من تازە بەتازە لەسەروەختی سەفەردام
کەچی تۆ تا تەنیایی من نیشتمانیت..!